سەرکردەی دیار و نادیار ..

سەرکردە دیارەکان ئەوانەن لەئۆرگانە بالاکانی حیزب بڕیار دەدەن بەپێ ی تایبەتمەندی کارەکانیان چاوگی بڕیار و کارن بەڵام سەرکردە نادیارەکان ئەوانەن هیچ پێناسەیەکی ڕێکخراوەییان نی یە ، ڕکێفی هەموو شتێکیان لەدەستە و هەموو شتێکیشیان پێ دەکرێ . لەوانەیە سەرکردەی نادیار برا و کوڕ و ژن و خزمی سەرکردە دیارەکان بن یا برادەر و کەسە باوەڕپێکراوەکانیان کە کاریگەری زۆریان لەسەر بڕیار و هەڵس و کەوتییانەوە هەیە ، ئەوە هەڵەی سیستەمی ڕێکخراوەییە چارەسەری ڕیشەیی دەوێ بەڵام ئاسان نی یە ! لەبەر تیشکی ئەو ڕاستیەی هەرکەسێکی خاوەن بڕیار یا کایگەر لەسەر بڕیارەکان پێویستە پۆزسیۆنێکی ڕێکخراوەیی هەبێ زۆر شیاوترە لەسێبەر نەبێ مافی ڕەوای خۆیەتی هەروەها مافی هەموو ئەوانی تریشە بیناسن ، پێناسەبکرێ و هەلی مێژوویی وەرگرێ لەتوانا و داهێنان .

دڵشاد تاقانە

Dlshadtakana@yahoo.com